**بەش:راگەیاندن**

**کۆلێژ:ئاداب**

**زانکۆ :سەلاحەدین**

**بابەت :**تیۆرییەکانی میدیای نوێ

پەرتووکی کۆرس – (ماستەر)(سمستەری یەکەم)

ناوی مامۆستا پ.ی.د.صادق حمةغريب حمةصالح

سالٌی خوێندن: 2023-2024

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | سالي خويندني 2023-2024 |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | پ.ی.د..صادق حمةغريب حمةصالح |
| 3. بەش/ کۆلێژ | راگەیاندن |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل:sadiq.hamahsalh@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن (بەپەی ئارەزوو):<br>07501069767 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | 3 |
| 6. ژمارەی کارکردن | 3 كاتژمێر |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | ئەندامی كاراى سەنديكارى رۆژمامەنوسانى كوردستانم,سەرۆكى ريكخراوى (مەلتى ميديا بۆ گەشەپێدانى ميدياى ئەليكترۆنى)م,خاوەنى زياتر لە 20ساڵ پێشينەى كارى رۆژنامەگەريم,ئەندامى ليژنەى يونسكۆ بووم بۆ گەشەپێدان و دانانى پرۆگرامى خوێندنى راگەياندن لە كوردستان و عيراق ,ساڵى 2003-2004بروانامەى بەكالۆريۆسى راگەياندنم لە زانكۆى سليمانى بەدەست هێناوە,ساڵى 2007-2008بڕوانامەى ماستەرم لە راگەياندن لە كۆليژى راگەيادنى زانكۆى بەغداد |

| | |
|---|---|
| بەدەست هێناوە.قوتابی دوکتۆرام بە سیستمی سپلێت سایت,دووکتێبی چاپکراوم هەیە (ستراتیژیەتی راگەیاندن بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی)و(رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی),دوو توێژینەوەو چەندین بابەتی ئەکادیمیم بلاوکراونەتەوە.لە ساڵی 2009ەوە لە بەشی راگەیادنی زانکۆی سەلاحەدین خەریکی وانە وتنەوەم. | |
| تیۆری، میدیای نوێ، تیۆری میدیای نوێ، حەتمیەتی تەکنۆلۆژی | 9. وشە سەرەکیەکان |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

**گرنگی و پەیام**

**بە هوی ئەو گورانکاریانەی کە بەسەر ئامرازەکانی راگەیاندن دا هاتووەو ئەو پیشکەوتنەی تەکنولوجیای گەیا ندن و راگەیاندنی گرتوەتەوە, بووەتە هۆی سەرهەڵدانی میدیای نوێ کە لە روی نێرەرو ئامڕازو وەرگرەوە جیاوازی یەکی زۆری هەیە لەگەڵ میدیای کلاسیکیدا, هاوکاتیش رۆڵ و کاریگەرییەکەشی لەسەر وەر گر گۆڕاوەو, پەیامەکە شی ساناتر دەگات. ئەو گۆڕنکارییانە بووەتە هۆی گۆڕاز کاری لە تیۆری یەکانی راگەیا ندنی کلا سیکیدا, بۆ یە گرن گە کە خوێندنەوەیەکی نوێ بکرێت بۆ تیۆرییەکانی راگەیاندن و, جۆری گۆڕانکارییەکەیان بخرێتەڕوو شی بکرێتەوە.**

**پەیامی وانەکە:**

***خوێندنی تیۆرییەکانی میدیای نوێ بە ئامانجی رێکخستنی ئەرکی ئەم جۆرەی میدیاو خزمەتکردنی ژینگەی راگەیاندن.***

**11. ئامانجی وانەکە:**

**یەکەم-ئاشنا کردنی قوتابی بە قۆناغەکانی سەرهەڵدانی تیۆرییەکانی راگەیاندن بە گ شتی و م یدیای نوێ بە تایبەتی. ئاشنای وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بکرێت:**

1-تیۆری هاوێژەری جادویی یان گولەی سیحری**Magic bullet** یان دەرزی ژێر پێست **Hypodermic Needle** ، یان کاریگەری راستەوخۆ، کەی و چۆن سەریهەڵداو لە سەرەتاوە لە کام ئامرازی راگەیاندندا بەرجەستە بوو؟. بۆ ئەم زاراوانەی بۆ بەکار دەهێنرێت؟.

2-بۆچی بە تیۆری دەرزی ژێرپێست دەوترێت(هێزی بێسنوری راگەیاندن)؟.ئایا ئەو هێزە لە میدیای نوێدا هەڵکشانی بەخۆیەوە بینیووە یان داکشان؟.

3-ئاراستەی هێڵیی پەیامی راگەیاندن لە تیۆری هاویژەری جادووییدا بۆ میدیای نوێ چۆن هەڵدەسەنگێنی؟.




4-لەم تیۆرییەدا وەرگر بە لاواز لە بەرانبەر کاریگەری پەیامی میدیاییدا لەقەڵەم دەدرێت بۆ میدیای تەقلیدی، ئایا بۆ میدیای نوێش بە هەمان شێوەیە؟.

5-بیرۆکە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرییە بریتین لە(وەرگرتنی بیرۆکە، بەهێزکردن و پشتیوانی کردن، لاسایی کردنەوە)، ئایا ئەم بیرۆکانە لە میدیای نوێدا بە چ شێوەیەکن؟.

6-لەم تیۆرییەدا (پروپاگەندە) بە یەکێك لە ئامرازەکانی کاریگەری میدیا دێتە ئەژمار، ئایا لە میدیای نوێدا کاریگەری ئەو ئامرازە زیاتر بووە یان کەمترو بۆچی؟.

7-ئەم تیۆرییە باس لەوە دەکات کە کاریگەری پەیامی راگەیاندن لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگە(راستەو خۆیە، بەهێزە، وەك یەکە)و پێویستی نییە بە بەرپرسانی ڕا(قادە الرأی)بۆ گواستنەوەی پەیامەکە بۆیان لە میدیای تەقلیدیدا، ئایا بۆ میدیای نوێش بی هەمان شێوەیە؟.

**دووەم: وە بتوانن شرۆڤەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بکەن:**

یەکەم-تیۆری دەرگاوانی میدیای کەی و چۆن و لە لایەن کێوە سەریهەڵداو، زاتای چییە؟.

دووەم: ئایا دەتوانین بڵێین کە میدیای نوێ مەرگی تیۆری دەرگاوانی میدیایی راگەیاندووە، یان نا؟.

سێهەم:پێوەرەکانی راگەیندنکار بۆ قایلکردنی بەکارهێنەر وەك:

**1-راستگۆییcredibility : بە واتای هەستکردنی راگەیاندنکار بە راستگۆیی لە بەرانبەر خۆی و بابەت و جەماوەرەکەی, کە دوو رەگەزی سەرەکی لەخۆدەگرێت:**

**أ- ئەزموون: واتە قەبارەی راهێنان و ژیری و خوێندنەوەو توانای هەڵس وکەت کردن لە گەڵ زانیاری و کەس و دۆخەکەدا.**

**ب- متمانە: واتە مامەڵە کردنی ڕاگەیاندنکار لە گەڵ بابەتەکەدا بە شێوەیەکی بێلایەن و هاوسەنگ.**

**2-سەرنجڕاکێشی لە شێوازو پێشکەشکردنێکی زانستیی هەواڵ و زانیاریەکان و بابەتە ڕۆژنامەوانیەکان.**

**3-هێز: هێز بە واتای توانای ڕۆژنامەنووس دێت لە بەرزەفتکردنی دۆخی ڕۆژنامەگەری.**

چوارەم:

**پێوەرە پیشەییەکانی کاری ڕۆژنامەوانی تیۆری دەرگاوانی میدیایی لە میدیای نوێدا چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ وەك:**

**1-سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی سۆشیاڵمیدیا:..............**

**2- جۆری سیستمی سیاسی و شێوازی حکومەت و دەوڵەتداری تا چەند وەك دەروازەبانێك کاریگەری لەسەر ناوەرۆك و پەیامی میدیای نوێ هەیە؟:................**

**3- تاکی دەستەبژێری کۆمەڵگە, کە کاریگەری هەیە لە سەر دەرك و گنگپێدانی تاکەکانی تر بۆ پەیامەکانی ڕاگەیاندن زیاتر کاریگەریان هەیە یان (بێ بەهرەانی خاوەن فۆلۆوەری بێ شمار)؟:....................**

**4-سەرچاوەکانی هەواڵ, کە کاریگەری هەیە لە سەر بەهاکانی هەواڵ و پیشەیی بوون لە تیۆری دەرگاوانی میدیاییدا بۆ میدیای نوێ بە بەراورد بە میدیای کلاسیکی چ گۆڕانکارییەکیان بەسەردا هاتووەو چۆن؟:................**

**پێنجەم: پێوەرەکانی جەماوەر لە تیۆی پاسەوانی دەرگادا بۆ میدیای نوێ**

**1-ئاستی پەیوەندی و هاوئاهەنگی نێوان بەکارهێنەران لە تاکەکانی کۆمەڵگە:..........**

**2-ئاستی هەژموونی جەماوەر لەسەر سیاسەتی کارکردنی میدیای نوێ:.................**

**3-ئاستی کارلێکی بەکارهێنەر لە گەڵ نێرەر:..........**

شەشەم: پێوەری بەهاو داب و نەریتی کۆمەڵگە لە تیۆری دەرگاوانی میدیایی لە میدیای نوێدا چەندە گرنگەو، تا چەند ڕەچاو دەکرێت و جیاوازی لەگەڵ میدیای کلاسیکیدا چۆنە؟.

سێهەم: ئاشنا کردنی قوتابی بە تیۆری حەتمەییەتی تەکنۆلۆجی مارشاڵ مەکلۆهان.

چوارەم: ئاشنا کردنی قوتابی بە تیۆری لولپێچی بێدەنگ لە میدیای نوێدا.

**پێنجەم:** ئاشنا کردنی قوتابی بە تیۆری تیۆری هاوێژەری جادویی لە میدیای نوێدا.

**شەشەم:** ئاشنا کردنی قوتابی تیۆری دەروازەبانی میدیایی لە میدیای نوێدا.

| |
|---|
| حەوتەم: ئاشنا كردنی قوتابی بە تیۆری حەتمییەتی تەكنۆلۆژی لە میدیای نویدا.<br><br>هەشتەم: ئاشنا كردنی قوتابی بە تیۆری حزوری كۆمەڵایەتی(الحضور الاجتماعي) و بەرپرسیارێتی كۆمەلایەتی لە میدیای نوێدا.<br><br>نۆیەم: ئاشنا كردنی قوتابی بە تیۆری لولپێچی بێدەنگ لە میدیای نویدا بۆ دروستكردنی رای گشتی.<br><br>دەیەم: ئاشنا كردنی قوتابی بە تیۆری چێوەبەندی میدیایی لە میدیا نوێدا.<br><br>یازدەهەم: ئاشنا كردنی قوتابی بە تیۆری چاندنی رۆشنبیری و تاقیكردنەوەی نموونەیی(نظرية التجربة الامثل) لە میدیای نوێدا.<br><br>دوازدەهەم: ئاشنا كردنی قوتابی بە تیۆری كەمكردنەوەی گومان(نظرية تقليل الشك): Uncertainty Reduction Theory<br><br>سێزدەهەم: ئاشنا كردنی قوتابی بە تیۆری بۆشایی زانین لە میدیای نوێدا.<br><br>چواردەهەم: ئاشنا كردنی قوتابی بە تیۆری گەشەسەندنی نوێكارییەكان یان بڵاوبوونەوەی داهێنانەكان<br><br>Diffusion of Innovations(انتشار المبتكرات) .<br><br>پازدەهەم: ئاشنا كردنی قوتابی بە تیۆری ئەجێندای لادراو Agenda Cutting ( (نظرية اجندة المحذوفة)<br><br>شازدەهەم ئاشنا كردنی قوتابی بە تیۆری گۆڕانی ژمارەیی میدیای نوێ(نظرية تحول الرقمي للأعلام الجديد) |
| **12. ئەركەكانی قوتابی:**<br>**1-ئامادەبوون لە وانەكانداو خۆ ئامادە كردن بۆ گفتوگۆ لە لایەن قوتابییەوە بۆ ئەركی راسپێردراو.**<br>**2- پیش ئامادە بوون بۆ هەر وانەیەك پێویستە قوتابی ئاگاداری هەوال و زانیاریە تایبە تمەندەكان بێت .**<br>**3- پیویستە قوتابی بەردەوام ئامادە بیت بۆ تاقیكردنەوەی رۆژانە.**<br>**4- پیویستە قوتابی لە وانەكاندا كاریگەری ماندویەتی لەسەر نەبیت, چونكە وتنەكە وردەو پیویستی بە ئامادەگی جدی هەیە.**<br>**5- پیویستە بە پێی پێویست قوتابی زانیاری هەبیت لە سەر وانەی ئایندە كە پێی دەوترێت.**<br>**6- پێویستە قوتابی لە كاتی ئامادەنەبوندا بەدواداچونی بۆ وانەكە هەبێت لە بارەیەوە پرسیار لە مامۆستای وانە بكات.** |
| **13. رێگەی وانە ووتنەوە**<br>**وانە وتنەوە بە شێوازی بەشداری پێكردنی قوتابیە, داتاشۆو پاوەر پۆینت لە گەڵ وایت بۆرد بۆ كاتی شرۆڤەی زیاتر بەكاردەهێنرێت. لە گەڵ پیشاندانی رۆژنامەو گۆڤاری تایبەت بە وانەكان و قسە لە سەركردنیان.** |

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

**1- قوتابی بە درێژایی سمستەر , لانی کەم تاقیکردنەوەیەکی نمرەیی ئە نجام دەدات.**

**2- قوتابی بە درێژایی سمستەر , ریڤیو ئارتیکڵ لەسەر وانەکە ئامادە دەکات.**

**3- قوتابی بە درێژایی سمستەر , لانی کەم کویزێك ئە نجام دەدات.**

**4-ئامادەبوون لە پۆل و چالاکی رۆژانە نمرەی لەسەرە.**

**16. لیستی سەرچاوە**


**1-محمد بن سعود البشر، نظريات التاثير الاعلامي, 2014.**

**2-د. عبدارزاق محمد الدليمي, نظريات الاتصال في قرن الحادي و العشرين2016.**

**3-د. عبدالرحمن عزي, نظرية الواجب الاخلاقي في الممارسة الاعلامية, 2016.**


| **17. بابەتەکان: تیۆرییەکانی میدیای نوێ** | ناوی مامۆستا:پ.ی.د. صادق حمەغریب حمەصالح<br>**پ.ی.د. صادق حمەغریب** |
|---|---|
| **هەفتە**ی یەکەم: باسێك سەبارەت بە گەشەکردنی میدیاو قۆناغە گرنگەکانی و پێناسەی تیۆری و جۆرەکانی.<br>هەفتەی دووەم و سێهەم: تیۆری هاوێژەری جادویی لە میدیای نوێدا.<br>هەفتەی سێهەم و چوارەم: تیۆری دەروازەبانی میدیایی لە میدیای نوێدا.<br>هەفتەی پێنجەم: تیۆری حەتمییەتی تەکنۆلۆژی لە میدیای نویدا.<br>هەفتەی شەشەم: تیۆری حزوری کۆمەڵایەتی(الحضور الاجتماعي) و بەرپرسیارێتی کۆمەلایەتی لە میدیای نوێدا.<br>هەفتەی حەوتەم: تیۆری لولپێچی بێدەنگ لە میدیای نویدا بۆ دروستکردنی رای گشتی.<br>هەفتەی هەشتەم: تیۆری چێوەبەندی میدیایی لە میدیا نوێدا.<br>هەفتەی نۆیەم: تیۆری چاندنی رۆشنبیری و تاقیکردنەوەی نموونەیی(نظرية التجربة الامثل) لە میدیای نوێدا.<br>هەفتەی دەیەم: تیۆری کەمکردنەوەی گومان(نظرية تقليل الشك): Uncertainty Reduction Theory<br>هەفتەی یازدەهەم: تیرۆری بۆشایی زانین لە میدیای نوێدا.<br>هەفتەی دوازدەهەم: تیۆری گەشەسەندنی نوێکارییەکان یان بڵاوبوونەوەی داهێنانەکان | وەک: 3 کاتژمێر<br>2023-10-15 |

| | |
|---|---|
| Diffusion of Innovations(انتشار المبتكرات) .<br><br>هەفتەی سێزدەهەم: تیۆری ئەجێندای لادراو Agenda Cutting ( (نظرية اجندة المحذوفة)<br>هەفتەی چواردەهەم: تیۆری گۆڕانی ژمارەیی میدیای نویَ(نظرية تحول الرقمي للأعلام الجديد) | |
| 18. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) | |
| لێرەدا مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیڵێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. | ناوی مامۆستا:پ.ی.د. صادق حمەغریب حمەصالح<br>وەک: 3 کاتژمێر<br>2023-10-15 |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.

لەگەڵ وەڵامی نموونەییان

نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت

**2. پرسیاری دەرەکی و داهێنانکاری.**

**3. کویز**

**20. تێبینی تر**

**لە کاتێکدا لەم کۆرس بوکەدا داواکراوە 32 وانە ئامادە بکریچت بەڵام کۆی وانەکان لە ساڵێکدا بە هۆی پشوی زۆرەوە ناگاتە 20 وانە,لە بەر ئەوە پێویستە کە ئەو خاڵە رەچاو بکرێت.**

21. پێداچوونەوەی هاوەڵ

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.

هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.